www.kurdistannet.org
13-7-2002 0:15

# دەریا سەرسپییەکەی بەیرووت

حەمەی ئەحمەد ڕەسول / هۆڵەند

یەکەمجاربوو ،   کە دەریام دی . .
لێی چوومە پێشەوەو بە هێمنی ،   بە ئاستەم لێم پرسی . .
–ئەی دەریای جوانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا ،   ئەی دەریای سپی :
دەمێك بوو تامەزرۆ بووم لە نزیکەوە میوانت بم . .
قاوەڵتییەك یەك بدوێنین :  بەیانیانێ ،
یان چێشتەنگاو ،   یا عەسرانێ . .
وامئە زانی بۆیە  "دەریای سپی "یت ناو لێنراوە
" وەك خۆم ئاسا  " بێکەس و غەریب بە وڵات و ئازیزان . .
تینوویێتیان بە دیدارت قەت نەشکاوە . .
✻ وامئەزانی :شەپۆلی نازت ،   چاوی سپیت ،   خەم و دەردی
ڕێبواری وون ئەشواتەوە . .
مەینەتی و نیگەرانی پیاوی سەرگەردان ئەخواتەوە . .
+پاش ماوەیێ ،   هاوبەندی و هاودەنگی . .
زۆرم ووت و بۆ باسکردی ،
زۆرم خەونی ڕەش و سپی لا درکاندی
بەڵکو خوایە :یا مژدەیێ ،   یاخود دەنگ و هەواڵێکم
لە بینایی و ڕۆحی پەژموردەوە . . . ،   لە ئازیزی بێکەسەوە . .
لەڕێی هەور و بارانەوە . .یا لە ویردی نەورەسەوە . .
وەلامێکی ڕاستەقینەم ،   یا هەر هیچ نەبێ لابەلاییم بۆ دێنیتەوە . .
– بەلام هەیهوو ! هەناسەسارد ،   هەشبەسەرت ! !
غەرقی و لەمن وێرانتری . . تۆش ئاوێنەی بۆ غوربەتی . .
تۆش چیایەك ،   بەرزی بۆ سەرسەختی
"هێی دەریای جوان ،   دەریای سپی :
خۆ تۆش وەکو ملیۆنەها ،   گوێت لە هاوارو دادی کەس نییە  !
خەمی بێکەسی خۆت ئەخۆی . .
ئێستا زانیم ،   ڕێبواری نامۆ ،   وڵاتی وێرانە تۆی . . ! !
شای غوربەتی و پادشای بێکەسانیش ،   هەر تۆی
دەریای سپیش ،   هەروەکو خۆم
پادشایەکی هەتیو و بێ نیشتمانە . .
وەکو خۆم نوغرۆی غوربەتە . . بێ هیواو بێ دەرەتانە ! !
هێی دەریاکەی خانەخوێم :ماڵی چۆڵ وشەوی کپیم " ( ✻ )
ئەی هاوزاری چاوی ڕەش و دڵی سپیم
( ✻ )ماڵ و چۆڵ و شەوی کپیم . .لە گۆرانییەکی داریوش/ەوە هاتووە

زستانی / نەوەد وسێ / بەیروت